کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:42 5-7-2007

**نامەیەکی کراوە بۆجالیەی کورد لەهەندەران... عەبدوللەتیف ئاوماری:**

پێشەکی: کورد لەکۆنەوە تێنووی ئازادی بووە، پاش ئەوەی زلهێزە جیهانیەکان بەتایبەتی




ئینگلیزوفەڕەنسا لە ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ بەپی ی بەرژەوەندی بالای خۆیان نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیان دارشت وخاکی کوردیان وەکو گۆشتی خێر دابەش کردە سەر وولاتانی دەوروبەری، لەوکاتەوە کورد وەکو مێوانێکی ناوەخت وڕێبوارێکی بی ناسنامەومرۆڤێکی کێوی سەیرکراوەوسادەترین مافیان پی ڕەوا نەبینراوە، هەرچی زولم وستەمە دەرهەقیان کراوە، کوردیش بەردەوام هەولی ڕزگاری داوە وهەربوارێکی بۆرەخسابی ڕاپەڕیوەوشۆڕشی هەلگیرساندوە، شۆڕشی شێخ مەحمود وشۆڕشی ئەیلول لەکوردستانی عێراق بەلگەیەکی بەهێزن لەسەر ئارەزوی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردوبەدەست هێنانی سەربەخۆیی. پاش ڕێککەوتنامە شومەکەی جەزائیر سالی 1975 کە پیلانێکی گەورەی نێودەولەتی بوو بۆلەناوبردنی رەنج وخەون وخەباتی گەلی کوردوهەروەها تواندنەوەی شۆڕشی چەکداری کورد!! جارێکی تر میللەتی کورد تووشی بێ ئومێدی بوویەوە. بەلام زۆری نەخایاند شۆڕشی چەکداری دەستی پی کردەوەوئومێدێکی تری بەخەلکی کوردستان بەخشی یەوە وتا کار گەیشتە ئەوەی لەجیاتی ڕژێمی بەغدا ڕازی بێت بەمافی ڕەوای گەلی کورد، دەستی کرد بە کردەی ئەنفال لەکوردستان و گەورەترین تاوانی دەرهەق بەمیللەتی کورد ئەنجامدا لەسالانی1987- 1988. لەڕوخاندن وکاولکردنی گوندەکان وسوتاندنی ڕەزو باخچەکان وگرتن وبی سەروشوێن کردن وکوشتن وزیندەبەچالکردنی سەدان هەزارلەکچ وژن وگەورەومندال وپیرو بەسالاچوو، دیسانەوە میللەتی کورد چۆوە لوتکەی بی ئومێدی، شایانی باسە بارودۆخی ئەوکات زۆر یارمەتی دەربوو بۆ ڕژێمی عێراق کە سل لەهیچ نەکاتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی وولاتانی زلهێز و وولاتە عەرەبیەکان بەهەموو شێوەیەك یارمەتی عێراقیان دەدا لەدژی ئێران و لەترسی بلاوبوونەوەی پڕیشکی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆ وولاتانی ناوچەکەوبەتایبەتی ئەو وولاتانەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کە شیعەیان تێدایە، یارمەتی دانی بی سنوری وولاتانی ڕۆژئاواو وولاتانی عەرەبی بۆ عێراق بەهەموو شێوەیەیەك لەهەمووبوارەکانی (ماددی، مەعنەوی، ڕاگەیاندن) وای لەڕژێمی عێراق کرد کەلەخۆی بگۆڕێت وجگە لەوهەمووزولمەی کەلەشیعەو کوردی کرد گێچەڵ بە وولاتی کوەیتی هاوسەنگەری (دژبەئێران) بکات، لە ئەنجامدا لە 1990/8/2 وولاتی کوەیتی داگیرکرد!! بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە هەموو هاوکێشەکان گۆڕان و پەیوەندیەکان پێچەوانە بوونەوە ئەوەی تا دوێنێ دۆستی گەرمی عێراق بوو بووە دوژمنی!! تەنها ئێرانی بەدۆست زانی (بی ئەوەی تۆزقاڵێك شەرم بکات کە 8 ساڵ دژی جەنگا) بەناچاری هانای بۆبرد تا یارمەتی بدات!! بە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ سعودیەوکەنداوی عەرەبی بۆ ڕزگارکردنی کوەیت لەژێر چنگی سوپای عێراق پاش هەوڵی زۆری وولاتانی عەرەبی وبیانی وکۆمەڵگای نێودەولەتی ونەتەوەیەکگرتوەکان وشکست هێنانیان بەوەی نەیان توانی ڕژێمی بەغدا قایل بکەن بەکشانەوی سوپای عێراق لە کوەیت وکۆتایی هاتنی دوا کاتی دیاری کراوبۆ کشانەوەی سوپای عێراق لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کەبریتیبوولە 1991/1/15، شەڕی ڕزگارکردنی کوەیت لەلایەن هاوپەیمانانەوە دژی عێراق دەستی پێکردوبووە هۆی لەناوبردنی زۆری دەسەلاتی سوپای عێراقی وڕووخاندنی پردەکان و نەمانی گەیاندن وهاتووچۆی نێوان شارەکان ونەمانی وورەی دامووەزگاکانی بەعس بەگشتی، بەشێوەیەك حکومەتی عێراق بەلاوازو بی دەسەلات هاتە پێش چاوی گەلانی عێراق، بوارێکی باش ڕەخسا بۆ ڕاپەڕین، کوردو شیعە ڕاپەڕین وتوانیان هەرچی دامودەزگای بەعس هەیە لەناوی بەرن وجەلادەکانیش بەسزای خۆیان بگەیەنن و هەوای ئازادی هەڵمژن، سەرەتا شیعەکان دەستیان بە ڕاپەڕین کرد، بەڵام زۆری نەخایاند سوپای عێراق هەموو ناوچەکانی خوارووی خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام لە کوردستان درەنگتر ڕاپەڕین دەستی پی کردوئەوە بوو ڕۆژی 1991/3/5 لەشاری ڕانیە سەری هەڵداوبەماوەیەکی کەم هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستان ئازاد کرا، پاشان لەترسی هێرشی بەرفراوانی سوپای ڕژێمی بەغدا کۆچ ڕەوە مێژوویەکەی گەلی کوردستان (بەکەمە نەتەوایەتیەکانیشەوە) ڕوویداو بووە هۆی خێروبەرەکەت بۆمیللەتی کورد وبەهۆیەوە توانیمان سۆزو ویژدانی گەلانی وولاتانی جیهان بۆخۆمان ڕاکێشین و بووە هۆی ئەوەی کە بەرگریمان لێبکەن، ئەوەبوو بەبڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان هێزی هاوپەیمانان کوردستانیان کردە ناوچەی دژەفڕین و هێلی 36 یان دیاری کردوماوەی 12 ساڵ بەم شێوەیە گەلی کوردستانیان پاراست تا ڕووخانی ڕژێمی بەغدا لە 2003/4/9.

لەساڵی 1991 دانوستان و گفتوگۆیەکی درێژخایەن لەنێوان بەرەی کوردستانی وحکومەتی عێراق هەبوو بەڵام پاش چاوەڕوانیەکی زۆر هیچ ئەنجامی نەبوو، ڕژێم سوپاو ئیدارەی دامووەزگاکانی کێشایەوە لە کوردستان وئابلۆقەی ئابوری خستە سەر کوردستان بەمەش ئابلوقەی سەرکوردستان بووە دوو ئابلوقە (نێودەولەتی وناوەوە) . جائەوەی شایانی باسە لەساڵی 1991 بەدواوە بواری چوونەدەرەوە بۆ تاك وخێزانی کوردی ڕەخساو خەڵکێکی زۆر (لەبەرهەرهۆیەك بێت) بەلێشاو ڕوویان لە هەندەران کرد، بەتایبەتی وولاتانی ڕۆژئاوا، هۆیەکانی کۆچکردن بەرەو هەندەران زۆرن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کۆچ کردنەکەش وەکو کۆچ ڕەوەکەی ساڵی 1991 ببێتە خێرو بەرەکەت بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان، جا لێرەوە مەبەستی نووسینی ئەم نامەیەم لەچەند خاڵێکدا ئەخەمە ڕوو:

یەکەم: پێویستە لەسەرمان کەهۆشیارو بەوەفا بین بەرامبەربەگەل وخاك وخەڵکی کوردستان، وە ئەوەی کە ئیمڕۆ هەیە لەکەم وکورتی وگەندەلی وحیزبایەتی... هتد ئەوەش قۆناغێکەو دەگوزەری، ئەو ئەوروپایەی کەئێوە ئێستا بەحالی حازر ئەیبینن وا بەئاسانی دروست نەبووەو ئەو قۆناغەی ئێستای کوردستانی دەمێکە بڕیوە لە (شەڕی ناوخۆو گەندەلی ونەخۆشیە کۆمەلایەتیەکان... هتد) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆیە پێویستە دوربین ودڵسۆز وفاکتەرێکی باش بین بۆ تێپەڕاندنی ئەوقۆناغە هەستیارەو تا ئێمەش وەکو زۆربەی گەلانی جیهان بگەین بەئاواتی مێژوویی خۆمان و ببینە خاوەن نیشتمانێکی سەربەخۆو ئازاد، خۆمان ونەوەکانی داهاتوومان لەبەری بحەسێینەوە.

وەدەبێت جالیەی کوردی ئەو ڕاستیە بزانێت کەئەگەر گلەیی وگازاندەیەکی هەیە لەدەسەڵاتی ئیمرۆی کوردی لەهەرێمی کوردستان (بی گومان هەیەتی)، ئەوا کوردستانی دایك کە ئێمە بەئاو وهەوا سازگارەکەی گەورە بووین، هیچ گوناە و تاوانێکی نی یە، بەڵکو گوناە و تاوان لە خودی مرۆڤەکانەو!! هەرکەسەو بەپی ی تێوەگلانی ڕێژەیەکی بەردەکەوێت!!.

دووەم: بائێمەش چاو لەمیللەتێکی وەك یەهوود بکەین! کەسەدان ساڵە خەبات دەکەن وبەهەموو شێوەیەك یارمەتی کێشەکەیان دەدەن بەهۆی خەباتی دیبلۆماسی وخشانی لەسەر خۆوە توانیان ببنە فاکتەرێکی کاریگەر لەسەر بڕیارە نێودەوڵەتیەکان (لەکاتێکدا ئەگەر خۆیان بڕیار بەدەست نەبن)، سەیرکەن چۆن ڕووداوی هۆلۆکۆستیان قۆستەوەو توانیان بەهۆیەوە ڕای گشتی وسۆزی کۆمەڵگای زۆربەی وولاتانی جیهان بۆ خۆیان کێش بکەن ولە قازانجی کێشەکەیان بەکاری بهێنن. زیرەکی ئەوان لەوەدایە لەهەرکات وشوێنێکدابن وەهەرکارێك بکەن یەهودیەتی خۆیان لەبیر ناچێت وئیشی بۆ ئەکەن، تەنانەت لەکاری سێکسی و ڕابواردنیشدا!!

ئەوان ئێستا بەری ڕەنج وتێکۆشان وقوربانیدان ویەکگرتن و (مەرکەزیەتی) خۆیان ئەخۆن لەکاتێکدا کێشەکەی ئەوان کێشەیەکی ئاینی یە نەك نەتەوایەتی!!

سی یەم: پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی کورد، لەهەرکوی یەك بێت و هەرکارێك بکات! پابەند بێت بە بەها کۆمەلایەتیەکان، وەك (ڕاستگۆیی و درۆنەکردن، بەوەفایی، دڵسۆزی لەکارکردن، خیانەت نەکردن، بازرگانی نەکردن بەمادده قاچاغەکان، ڕێزگرتنی یاسای ئەو وولاتەی لی ی ئەژی... هتد) ئەمانە سیفات گەلێکن کە پیادەکردنیان تاکی کوردو جالیەی کوردی ڕوو سپی و جوان دەکات لەپێش چاوی گەلانی جیهان، بۆیە پێویستە پابەندیان بین، لەڕاستیدا سلوك ورەفتاری هەرکەسێك پێناسەی خۆیەتی!! وەئەگەر خوانەخواستە پێچەوانەی بەها کۆمەلایەتیەکان ڕەفتار بکەین! ئەوا زەرەرێکی گەورە لەخۆمان وجالیەی کوردیش ئەدەین!! شێوەیەکی خراپی کۆمەڵگای کوردی نیشانی گەلانی جیهان ئەدەین!! ئەوکاتە ناتوانین پشتیوانی رای گشتی بەدەست بهێنین ولەدواییدا ئازادی وسەربەخۆیمان پی ڕەوا نابینن وئەوکاتە ئامادە نابن بەرگریمان لێبکەن وتەنانەت ڕێپێوانێکیشمان لەگەڵدا بکەن!! بەڕاستی جێگای ئەسەفە دەبینین ودەبیستین کەئیشی نایاسایی ونامۆ و قێزەون ئەنجام دەدرێت لەلایەن هەندی کەسەوە وەك (دزیکردن وڕاکێشانی پارەی بانك بەمەستی نەدانەوەی، بازرگانی کردن بەمادده سڕکەرکان... هتد) . ئەوانە نازانن یا خۆیان لی گێل ئەکەن کە چ زیانێك بە سومعەی جالیەی کورد وگەلی کوردستان و تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەگەیەنن وپێویستە ئەوانە بەپی ی یاسای نێو دەوڵەتی سزا بدرێن ونابێت چاوپۆشیان لی بکرێت و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچــــن!!

چوارەم: جالیەی کوردی ئەتوانی لەرێگای پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانەوە تێکەڵ بێت لەگەڵ خێزانەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ئەژی، تابەهۆیەوە بتوانن ژنیان لی بهێنن، بەتایبەتی لە خێزانە کاربەدەست وناودارەکانیان و سوود وەرگرتن لە نەبوونی دەمارگیری نەتەوەییان تابەهۆیەوە بتوانین پشتیوانیەکی باش بەدەست بهێنین بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان (بەمەرجی ناسنامەوکلتوری خۆت لەبیر نەکەی ولەنێوانیاندا نەتوێیتەوە!!) .

بۆ نموونە (کەخێزانی د. قاسملو خوشکی ژنی فرانسو میتران سەرۆکی پێشووی فەرەنسا بوو) لەبەر ئەوە کاریگەریەکی باشی هەبوو لەسەر کێشەی نەتەوایەتی کورد، لە مێژوودا ژمارەیان کەم نین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەومیروپادشاوئیمپراتۆرانەی كە ئەم سیاسەتەیان پەیڕەو كردووە، تەنانەت یەكی لە فەلسەفەكانی فرەژن هێنانی پێغەمبەر (د. خ) لە زۆربەی هۆزە عەرەبیە بەهێزەكان بۆ پتەوكردنی خزمایەتی بووەو تا ئەگەر پشتیوانیشی نەكەن هیچ نەبی د ژایەتی نەكەن.

لەكۆتاییدا ئەڵێم: بەپێویستم زانی لەڕووی بەئەرك زانین ودڵسۆزیەوە ئەم چەند خاڵەی سەرەوە بنووسم بۆ برا بەڕێزە كوردەكانم لەهەركوی یەك ئەژین!! پێم باشترە لەوەی بە ووتاری شەڕە جنێوئاسا وگلەیی و گازەندی زۆرو قسەی بێ سود خۆمان خەریك بكەین و بی ئەوەی ڕۆژێك گلەیی لە خۆمان بكەین پێش هەموو كەسێك!! گلەیی وگازەندەش دەچێتە خانەی ڕەخنە گرتنەوە! ڕەخنەش ئەگەر بەنەرم ونیانی و دڵسۆزی و ڕاستگۆی وحەكیمی یەوە ئاراستە نەكرێت با دڵنیابین كەس لێمان وەرناگرێت! لەگەڵ ڕێزوخۆشەویستیم بۆ هەموو كوردێكی دڵسۆز... بەهیوای سوود وەرگرتن.

latif_ abdalrahman @ yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.